# بەند کردنی ئازادی لەلایەن دەسەڵاتەوە ، لەدەستدانی بڕوای جەماوەرە

www.chak.info

ئەو کاتەی دەسەڵات بۆ مانەوەی لە چوارچێوەی ویست و ئیرادە سیاسیەکانی خۆی پەنا دەباتە بەر تەسککردنەوەی جەمسەرەکانی ئازادی و سنورەکانی ڕادەربڕین، ئیتر سەرەتادەست بۆ کۆمەڵێک شێوازی یاسایی سەیر دەبات و دواتر لەپاڵ ئەو یاسایانەدا بەزەقی بە شێوازی جۆراوجۆر گەمەی ترسناک دەستپێدەکات بۆ هەڵوەرینی ئەو گوڵ و گوڵزارانەی کەدەبنە ماکی کۆمەڵگاو دەسەڵاتێکی دیموکراتی و شارستانیی. دواتر هێدی هێدی لەکەش وهەوایەکی ناسازدا بێمتمانەیی و نامۆبوون بەیەکتری لە نێوان کۆمەڵانی خەڵک و دەسەڵات دا دەبێتە دیاردەیەکی زاڵ و بەرچاو، هەتا دەگاتە لێوارەکانی بێگانە بوون بەیەکتری و دابڕان و بەریەککەوتنی ترسناک و هەڵگیرسانی کارەساتەکان.

هەرچەندە لە ڕابووردودا پێشێلکردنی ئازادی رادەربڕین لەلایەن دەسەلاتەوە لە کوردستان پێشینەیەکی هەیە و دادگاییکردنی هەدوو سەرنوسەری رۆژنامەی هاوڵاتی و ئاوێنە و هەڕەشەکردن و ئازاردانی چەندان ڕۆژنامەنوس و نوسەر و ڕەخنەگری تر، ئەم ڕاستییە پشت ڕاست دەکەنەوە ،بەڵام لە ئیستادا و لەم سات و وەختە ناسکەی کە گەلەکەمانی پیاداتێدەپەڕێت ، پەرلەمانی کوردستان بە هاندانی پارتە دەسەڵاتدارەکان بۆ ڕێگەگرتن لە هۆشیار بوونەوەی خەڵک و رێگەگرتن لە شەفافیەت و کرانەوەی دەسەڵات، هەنگاوێکی پڕ لە هەڵە و ناساز دەنێن و خەریکی هەڵچنینی دیوارێکی نەشیاون لە نێوان دەسەڵاتی خۆیان و جەماوەردا . بەم مەبەستەش بۆ بەگژداچوونەوەی هەموو دەنگ و ڕەنگێکی جیاواز کە ئێستا ڕەخنە و گازەندەیان لە دژی گەندەڵی و سیاسەتی چەوتی دەسەڵات و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی بەزکردووەتەوە و دەیانەوێت ڕاستیەکان بۆ جەماوەر ئاشکرابکەن، سەرقاڵی گەلاڵەکردنی بڕیارگەلێکی نادیموکراتین لەدژی ئازادی ڕۆژنامەوانی و ئازادی ڕادەربڕین. لەدژی ئەو دەسەڵاتەی لەووڵاتە دیموکراتەکاندا بەدەسەڵاتی چوارەم دێتەژماردن.

ئێمە وەک ناوەندی چاک : دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی هەموو ڕۆژنامەوانی ناڕازی و ئازادیخوازانی گەلەکەمان و ئەم هەنگاوە بە هەنگاوێکی نادیموکراتی و ناڕەوا دەزانین و بە توندی بەرپەرچی هەر یاسایەکی لەوشێوەیە دەدەینەوە و ئامادەین شانبەشانی ڕۆژنامەنوسانی ناڕازی بەم بڕیارە و بۆ چەسپاندنی ئازادی بۆ نوسەرانی بوێر و ڕۆشنبیرانی دڵسۆزی گەلەکەمان خەبات و کۆششێکی هێمنانە بکەین هەتا ئەو بڕگە و خاڵانەی دژ بە ئازادی ڕادەڕبڕینن گۆشەگیر دەکرێن و لادەبرێن و لە بری ئەوان ئازادی فکر و قەڵەم و بیروڕا جێگیردەکرێ.

لێرەشەوە داواکارین لە سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو یاسایە پشتڕاست نەکەنەوە و بە هیچ شێوەیەک ئامادە نەبن واژۆی خۆیان لە باڵشکاندنی ئازادیدا تۆمار بکەن . وە

داواکارین لە پەرلەمانی کوردستان لە بڕیاری توندڕەوانەی خۆیان سەبارەت بەو یاسایە پاشگەز ببنەوە و جارێکی تر بە وردی بە بڕگەکانی پڕۆژە یاساکەدا بچنەوە و ڕێگە نەدەن قەڵەم بشکێ.

ناوەندی چاک لەبواری ئازادی ڕادەربڕین و داکۆکیکردن لە ڕۆژنامە ئازادەکان ئامادەی هەموو هاوکاری و خەباتکردنێکی دیموکراتی و شارستانیە .

**بەڵێ بۆ ئازادبوونی ئازادی**

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد (چاک)**